کورتە هەڵسەنگاندنێکی ساکارانەی بارودۆخی ئەمڕۆی باشووری کوردستان:

میللەتێك خاوەنی سەرکردایەتییەکی دڵسۆز و لەخۆبووردوو و ژیرمەند و دووربین نەبێت، هەر وەک ئەمڕۆی باشووری کوردستانی بەسەر دێت!؟

ئەمڕۆ میللەت بە گشتی بێ مووچە و بێ پارەیە، توورەیە، بێزارە، دڵشکاوە، هەژارە، کرێچییە، بێکارە، تاوانلێکراوە، هەڵخەڵەتێنراوە، نادڵنیایە لە ژیانی ئێستا و داهاتووی خۆی، هەموو کۆمەڵگە بە گشتی لە تەنگژەیەکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیدا دەژین.

ئەمڕۆ میللەتی کورد لە باشووری کوردستان بەشێوەیەکی گشتی زۆر توورە و بێزار و دڵشاکاون لە دەسەڵاتداران و سیاسەتمەداران و هەموو بەرپرسە سیاسی و سەربازییەکانی لایەنە سیاسییەکان و بەرپرسانی دەسەڵاتی کوردی، هەربۆیە، ئیترکاتی ئەوە هاتووە کە سەرکردایەتیی هێزە سیاسییەکان و دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان، بەهۆی هەڵەکانی رابووردوویانە، بە ئاشکرا و بێ ترس داوای لێبووردن لە هەموو میللەتی کورد بکەن و هەوڵ بدەن لەمەودوا هەڵەکانی رابووردوویان دووبارە نەکەنەوە و بیرکردنەوە و گفتار و رەفتاری خۆیان بگۆڕن و چاکیان بکەن و لاپەڕەیەکی نوێ لەگەڵ میللەتدا هەڵبدەنەوە، ئەگەر ئەمە نەکەن، دەبێت چاوەڕوانی راپەڕینێکی گەورەی جەماوەریی گشگیر بکەن کە سەرەنجام کۆتایی بە خۆیان و هەموو شتێکیان دەهێنرێت.

باشووری کوردستان، بەرەو چارەکە سەدەیەک دەچێت کە ئازادە و لە زۆر رووەوە سەربەخۆیانە خۆمان بەڕێوەبردووە. بێگومان ئەگەر ئەم بەشەی نیشتمان خاوەنی سەرکردایەتییەکی دڵسۆز و لەخۆبووردوو و ژیر و دووربین بووایە، دەبووایە بەر لە هەر شتێک بیرمان لە سوود وەرگرتن لەم دەرفەتە مێژووییە زێڕینە بکردایەتەوە و هێڵی بەرگری و خۆپاراستنمان بەهێزترو پتەوتر بکردایە. دەبوویان لەشکرێکی نیشتمانیی یەکگرتوو و سەربەخۆ و رێکوپێک و راهێنراو و بەبیروباوەڕمان پێکبهێنایە بۆ بەرگری کردن و پاراستنی ئەم بارودۆخە سیسییەی کە بۆمان هاتۆتە پێشەوە و رۆژ بە رۆژ بەرەو خۆبەهێزتر کردن و بەرەو پێشەوە چوون هەنگاومان بنایە.

بەڵام بەداخەوە، سەرکردایەتیی سیاسیی باشووری کوردستان لەبری ئەم کارو کردەوە هەرە گرنگ و پێویستانە، بەر لە هەر شتێك، بڕیاری لێخۆشبوونی گشتییان بۆ جاش و سەرجاش و موستەشار و بەعسی و ئەنفالچییە تاوانبارەکانی ناوخۆ دەرکرد، ئەمە هەڵە و تاوانێکی زۆر گەورە بوو کە هەرگیز نەدەبووایە بمانکردایە. لەڕاستیدا ئەمە ئەنجامی ئەو ناکۆکی و دووبەرەکییە مێژووییە بوو کە لەنێوان پاشماوەکانی مەلایی و جەلالیدا هەبوون و لەپێناوی خۆبە خاوەنکردنی زۆرترین جەماوەردا، لەو کەسە نەتەوەفرۆش و نیشتمانفرۆشانە خۆش بوون و هەموویانیان کرد بە فەرماندە و بەرپرس و ئەندام و کاربەدەستی نێو رێکخستنەکانیان و لەریزی هەرە پێشەوەی ریزەکانی خۆیان بەڕیزەوە جێگەیان بۆ کردنەوە.

ئێستاش هەر هەموویان، خۆیان و نەوەکانیشیان، مووچەی موفتی خانەنشینییان لەسەر بوودجەی میللەت بۆ پراوەتەو و زۆرتیرین رێژەی خانەنشینی لەناو ئەو کۆنە جاش و سەرجاش و بەعسی و ئەنفالچییانەدایە. ئەمەیە یەکێک بوو لە هەڵە هەرە خراپ و مێژووییەکانی سەرکردایەتیی هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشووری کوردستان کە پاش راپەڕینە مەزنەکەی جەماوەری باشوور تێیکەوتن و بەسەر خۆیاندا هێنا.

هەر ئەو کۆنە جاش و کۆنە بەعسی و ئەنفالچییانەی ناو پارتە سیاسییەکان بوون کە بوونە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕی براکوژی و یەکتر کوشتنی کورد و کورد. بەو لێخۆشبوونە، سەرکردایەتیی پارتەکانی باشوور،، سەلماندیان کە کورد تاکە میللەتە لە مێژوودا کە لە خۆفرۆشتووان و ناپاکان و نەطەیەفرۆشان و نیشتمانفرۆشان و خۆش بووە و کردەوەی ناپاکی و خۆفرۆشی و نەتەوەفرۆشی و نیشتمانفرۆشییان کرد بە دیاردەیەکی ئاسایی و بێ لێپرسینەوە و بێ سزا، ئەمە مەترسییەکی گەورە و ترسناکە بۆسەر ئاساییشی نەتەوەیی و نیشتمانیی هەر میللەتێك، کە زۆر بەداخەوە سەرکردایەتیی باشوور ئەم نەریتە خراپەیان کردە باو و بەبێ لێپرسینەوە و سزادان، لە رابووردووی پڕ لە تاوانی ئەو ناپاکانە خوش بوون و لە هەموو ئەمانەش خراپتر ئەو ناپاکانەیان لەناو ریزەکانی خۆیاندا بەو پەڕی رێز و پشکداری و شکۆمەندییەوە جێگەیانکردنەوە و پلەوپایە و بەرپرسیارێتییان پێشکەش کردن.

کورد تاکە میللەتێکە کە لە ناپاکەکانی خۆی خوش دەبێت و هیچ میللەتێکیتر ئەمەی نەکردووە و لە مێژوودا جگە لە کورد، هیچ نەتەوەیەکیتر نییە کە لە ناپاکە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی خۆی خۆش بوو بێت و بێ لێپرسینەوە و بێ سزا، هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکات. ئەو هەڵە و تاوانی لێخۆش بوونە، بوو بە یەکێ لە سەرچاوەکانی هەموو کێشە و

کارەساتەکان کە لە ساڵانی رابووردوودا بەسەر باشووری کوردستاندا هاتوون. دەبێت ئەم هەڵە مێژووییە راست بکرێتەوە و چارەسەرێک بۆ ئەم کێشە گەورەیە بدۆزرێتەوە. دەبێت بە گشتی ریزەکانی بزووتنەوەی کوردایەتی لە هەموو پاشماوەکانی کۆنە جاش و سەرجاش و بەعسی و ئەنفالچی و نەتەوەفرۆش و نیشتمانفرۆشە ناپاکەکان پاک بکرێنەوە. سەرباری ئەمەش، دەبێت تاوانبارانی شەڕی براکوژیی ناوخۆ، دادگایی بکرێن و تاوانباران بە سزای رەوای خۆیان بگەیەندرێن. دەبێت هەموو گەندەڵەکان و دز و تالانچییەکانیش بەر لێپرسینەوە بکەن و بە سزای رەوای خۆیان بگەیەندرێن.

ئەوە بۆ چارەکە سەدەیەک دەچێت، ئەم سەرکردایەتییە رۆژ بە رۆژ تەنها هەر بەر پێی خۆی بینیوە و هەر بیریان لە ژیانی تایبەتیی خۆیان و پارتەکانیان کردووەتە و هەر خەریکی بازرگانی کردن و بەتاڵانفرۆشتنی سامانی سەرزەوی و ژێرزەویی باشووری کوردستان بوون بەم دوژمن و بەو داگیرکەر.

ئێمەی کورد نەتەوەیەکی ژێردەستە و نیشتمان داگیرکراو و دابەشکراوین. بەردەوام لەلایەن چەندین دوژمن و داگیرکەری زیرەک و فێڵباز و بەهێز و پەلاماردەر و زۆردار و دڕندەوە، هەڕەشەلێکراو و گەمارۆدراوین.  هەربۆیە، دەبووایە پێش هەر شتێك بیرمان لە پێکهێنانی سووپایەکی نیشتمانیی یەکگرتووی سەربەخۆ و رێکوپێک و ئامادەکراو بکردایەتە و گەورەترین بوودجە و تواناکانمان بۆ ئەم مەبەستە هەر گرنگ و پێویستە تەرخان بکردایە.

بەڵام بەپێچەوانەوە، ئەو سەرکردایەتییە نادڵسۆز و خۆپەرست و کورتبینە، هەر خەریکی بازرگانی و خۆسەرمایەدارتر کردن و رابواردن و خۆشگوزەرانیی تایبەتیی خۆیان بوون. هەر خەریکی دروستکردنی سوپەرمارکێت و مۆڵی گەورە گەورە و هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی و هۆڵی ئاهەنگ گێڕان و دروستکردنی باخ و ڤێللای گەورە و گرانبەهای تایبەت بە خۆیان بوون و هەرگیز بیریان لە رۆژانی تەنگانە نەکردەوە و بیریان لەوە نەکردەوە کە ئێمەی کورد بە دوژمنان و داگیرکەرانێکی بەهێز و زۆردار و دڕندە دەور دراوین و هەروا بە ئاسانی وازمان لێناهێنن کە بە ئاشتی و ئارامی و ئازادی و خۆشگوزەرانی بژین. ئێستا بە خراپترین شێوە کەوتووینە بارودۆخێکی ترسناک و هەڕەشەئامێزەوە و دووچاری شەڕێکی گەورە و مەترسیدار کراوین لەگەڵ دواکەوتووترین و پڕجەکترین و دڕندەترین لەشکری فاشیزمی ئیسلامیدا بەناوی داعشەوە.

دوژمنان و داگیرکەرانمان لە رێگەی لەشکری رەسی داعشە تێرۆریستەکانەوە شەرمان پێدەفرۆشن و هەوڵی تێکدانەوەی هەموو ئەو شتانەمان دەدەن کەلەماوەی ئەم 23 ساڵەی رابووردوودا بنیاتمان ناون. بەڵام خۆشبەختانە، ئەگەر پشتیوانیی ئەمەریکیەکان و ئەوروپییەکان نەبوونایە، ئێستا بە دڵنیاییەوە، هەموو باشووری کوردستان کەوتبووە ژێردەستی لەشکری داعشی دڕندەوە. ئاشکرا بووهە کە داعش باڵی سەربازیی تورکیا و رەگەزپەرستەکانی تورک و عەرەبە و لەلایەن ئەمانەوە پڕ چەککراون و هەموو کۆمەک و پشتیوانییەکی سەربازی و مرۆیی و لۆجیکستییان دەکرێت و ئەوەی بە خۆیان ناکرێت و بۆیان نالوێت، دژی کورد و کوردستان بە لەشکری رەشی داعشی دەکەن.

ئەمڕۆ ڕووبەڕووی لەشکری داعشی دڕندە بووینەتەوە و دووچاری شەڕێکی گەورە و ترسناک کراوینەتەوە. هەربۆیە پێویستە و دەبێت هەموو کورد و کوردستانییەک، هەموو کۆڕ و کۆمەڵ و کەسایەتی و لایەنێکی کوردی و کوردستانی بەوپەڕی ئازایەتی و دڵسۆزی و یەکگرتووییەوە رووبەڕووی هەڕەشە و مەتسییەکانی داعش ببینەوە و بە تەبایی و یەکڕیزی و یەکگرتوویی و یەک هەڵوێستی رووبەڕووی هەموو پیلانەکانی دوژمنان و داگیرکەرانمان بوەستینەوە و لەم کێشە و تەنگژە گەورە و مەترسیدارە خۆمان رزگار بکەین. دەبێت ئەمە پەند و وانەیەکی مێژوویی بێت بۆ هەمووومان کە لەمەودا وەکو کورد، وەک نەتەوەیەکی ژێردەستە و نیشتمان داگیرکراو و گەمارۆدراو و هەڕەشەلێکراو، پێویستە و دەبێت لەڕووی نەتەوەپەروەری و نیشتمانپەروەرییەوە، هۆشیارتر ببینەوە و هێز و تواناکانمان لە لەشکرێکی نیشتمانیی یەکگرتوو و سەربەخۆدا رێکبخەین و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە دەبێت هەمووان لەمە بەدواوە، بزانین چی دەبێت بکەین و چی دەبێ نەکەین!

بەختیاری شەمەیی

4.10.2014